# پێگەیشتن بە سوسیالیزم

بەشی پێنجەم



نووسینی: هێری مێگداف، فێرد مێگداف
ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی

## ۴ . سوسیالیزمی بازار لە بەرامبەر ئابوری بە بەرنامە

دەوتریٚ بەرنامەرێژی ناوەندیی هۆکارێکی سەرۆکی بووە بۆ داروخانی ئابوری و قەوارەی سیاسی یەکێتی سۆڤیەت و هەر ئەمەش «دەیسەلمێنیٚ» کە ئەمجۆرە بەرنامەرێژییە بەکەڵک نایەت و لە مەیدانی کردەوەدا ناسەرکەوتووە. هەندێک کاسانی " پێشرەو"یش لەجیاتی ئابوری بە بەرنامە قۆلیان بۆ دیفاع کردن لە "سوسیالیزمی بازار" هەڵکردووە. ئەمانە نمونەی وا لە "سوسیالیزمی بازار" دەهێننە گۆریٚ کە گوایە دەتوانیٚ هەموو کلۆلییەکان دەرمان بکات و وەک کالآیەک ناوی دەبەن کە بۆ بالآی هەموو هەلومەرجێکی مێژوویی دەشیٚ. ئەمانە قسەکانیان لەسەر ئەم دوو گریمانەیە دارشتووە:

١. بەرنامەرێژی بەکردەوە باش دەرناچیٚ.

٢. بازار ئەگەر بە باشی لەژێر چاوەدێریدا بیٚت، دەتوانیٚ کۆمەڵێکی سوسیالیستی و ئینسانی دەرست بکات.

ئێمە هیچکام لەم بۆچوون و گریمانە بە راست نازانین و لەدژیانین.

گرینگ ئەوەیە کە ئێمە بتوانین هەموو لایەنە باش و خراپەکانی بەرنامەرێژی لە سۆڤیەت بناسین. ئەوە هەر ئەو بەرنامەرێژییە بوو کە توانی وڵاتێکی دواکەوتووی پەرەنەگرتوو بکاتە وڵاتێکی بەرەوپێشچووی پیشەیی. هەر بەوجۆرەی لە بەشی سێهەمدا وترا، سۆڤیەت لەباری نیزامییەوە تواناییەکی وەهای پەیداکرد کە بتوانیٚ لە گەڵ دەسەلأتی نیزامی وڵاتێکی بەرەوپێشچووی سەنعەتیدا بوەستیٚ. سۆڤیەت لەماوەیەکی زۆرکەمدا توانی بەشێکی زۆر لە کارخانەکانی خۆی بگوێزێتەوە بۆ چیاکانی ئورال، هەر لەم ماوە کەمەدا توانی بەشێکی زۆر لە کرێکارانی بیٚ ئەزمون پەروەردە و لەم رێگایەشەوە پیشەسازییەکانی وڵات لە مەترسی رزگار بکات. ئەم کارانە بە بیٚ بەرنامەرێژی نەدەکران. تەنانەت وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش ناچار بوو لە شەری دوهەمی جیهانیدا بۆ دابین کردنی پێداویستیی هێزە نیزامییەکانی جۆرە بەرنامەرێژییەک رەچاو بکات.

ئەو کەموکورییانەی ئابوری یەکێتی سۆڤیەت کە هەر ماوەیەکی زۆر کورت پاش چاککردنەوەی کاولکارییەکانی شەر وەدەرکەوتن، لەبەر ئەوە نەبوون کە بەرنامەرێژی ناوەندیی خراپە و شکستی هێناوە، بەڵکو لەجۆر و شێوەی بەرێوەبردن و دارشتنی ریٚ وشوێنەکان بوو. لەسەردەمی ئاشتیدا پێویستی بەوە نەبوو کە کاربەدەستەکانی سەرەوە خۆیان لە هەموو کارەکان هەڵقورتێنن و هەموو وردەکارییەکانی بەرهەمهێنان کۆنترۆڵ بکەن. فەرماندەهی کردنی لەسەرەوە و نەبوونی دمۆکراسی بەشێک نین لە پێویستییەکانی بەرنامەرێژی ناوەندیی، بەپێچەوانە زەبر لە بەرنامەرێژییەکی چاک دەسرەوێنیٚ و تووشی تەنگ و چەڵەمەی دەکات.

بەرلەوەی قسە لە سوسیالیزمی بازار بکەین پێویستە ئەوە بزانین کە بازار بۆخۆی مێژوویەکی هەیە و بە پێی جۆری رێکخستنی قەوارەی کۆمەلأیەتی دەگۆردریٚ. بازار بە هەموو جۆرەکانیەوە هەزاران ساڵ تەمەنیەتی. خێڵەکان زۆر بەر لە پێکهاتنی شارەکان و پێکهاتە چینایەتییەکان ناوبەناو لەگەڵ یەکتر کۆدەبونەوە و بەروبومەکانیان ئاڵووێر دەکرد. دوای سەرهەڵدانی چینەکان [جوتیاران، سەنعەتکارەکان، کارگێرانی دەوڵەتی (کۆیلەکان، دەفتەردارەکان، پاشاکان) و پیاوانی ئائینی] بازار بوو بە بەشێکی ئاسایی و جیانەکراوە لە ژیانی رۆژانەی خەڵک و تێیدا بەروبومەکان دەفرۆشران و سەرانە کۆدەکرایەوە تا کارگێرە نابەرهەمهێنەرەکان بتوانن پێداویستییەکانیان، وەک خواردن و جل و بەرگ و کەلوپەلەکانیتر دابین بکەن. بازارە کۆنەکان هەموو جۆرە بەروبومێکی لەخۆ دەگرت و لە یەک شوێندا دەیخستە بەرچاوی کریاران. ئەمە ببوو بە ئامرازێکی گرینگی ئاسانکاری بۆ خەلکێک کە دەیانەویست لەو جۆرە شتانەیان دەسکەویٚ، کە پێویستیان پێی بوو.

هەرچەند لە شارستانییەتە کۆنەکاندانیشدا بازارەکان گرینگ بوون، بەڵام بە پەرەساندنی سەرمایەداری و بە کالابوونی هەموو بەروبوم و خزمەتگوزارییەکان ـ تەنانەت کار و سروشت ـ ئەم گرینگییە گەلێک زیادی کرد و بوون بە شتێکی مانونەمانی. لە نیزامی سەرمایەداریدا چوار جۆرە بازارمان هەیە کە لەباری تئۆرییەوە گوایە بۆ خێر و چاکەی گشتی پێکرا و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر کار دەکەن.

١. بازاری کەلوپەلی مەسرەفی. خاوەنرایانی بازار دەڵێن نرخی کەلوپەل بە پێی ڕێژەی هاوردە و داوا (عرضە و تقاضا) دیاری دەکرێ و وادیارە ئەم نرخە کاتێ دەگاتە هاوسەنگی کە ڕادەی هاوردە و داوا بەقەدەر یەک بن. خزمەتێکیتری دیکەی بازار ئەوەیە کە بەرهەمهێنەران(سەرمایەدارەکان) ئاگادار دەکاتەوە کە خەڵک خوازیاری چ کەلوپەلێکن. بە واتایەکیتر بازار ڕێنوێنی سەرمایەدارەکانە بۆ بڕیاردان لەمەڕ جێگا و جۆر و شوێنی سەرمایەگوزاری و بەرهەمهێنان. بۆ وێنە داخوا خەڵک زۆرتر بۆیەنباخی شینیان بەدڵە یان سوور، تا ئەو کات لەوجۆرە بخەنە ناو بازار. یان ئەگەر بزانن خەڵک زیاتر دڵیان بە سەیارەوەیە، بڕۆن کارخانەی پتری بۆ ساز بکەن. هەرچەند خەڵک وای بۆ دەچن کە لە کڕینی هەموو شتێکدا ئازادن! بەڵام لە ڕاستیدا وا نیە و هەر بەوجۆرەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد (لە بەشی دوو) چاوڕاو و تەبلیغاتێکی بازرگانی خەست و بێ پشوو کە بەردەوام خەریکی کوتانەوەی مێشکی خەڵکن شوێن لەسەر بەشێکی زۆر لەو بڕیارانە دادەنێ و تەنانەت بۆ بەروبوی ئەوتۆ کە کەڵکێکی وایان نیە یان هەر کەڵکیان نیە داوا و بڕیاری کڕین دروست دەکەن. هیچ گومان لەوەدا نیە کە نەریتی گشتی سەرمایەداری و چاولێکەری دەور دەگێڕن لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئەوتۆی مەسرەفکار، واتە کۆمەڵگایەک کە مەسرەفکردن تەوەرەی سەرەکییەتی.

٢. بازاری کار. جگە لە سەردەمی شەڕە گەورەکان، هەمیشە ژمارەیەکی بەرچاوی بێکار لە کۆمەڵگادا و لە "بازاری داندراوی کار"ی سەرەمایەداریدا هەن کە لە ژێر کۆنترۆڵی" خاوەن کارەکان" دایە و پێویستییەکانیان بە هێزی



کار هەر لەم بازارە دابین دەکەن. چاکترین بارودۆخ بۆ ئابوری سەرمایەداری ئەو کاتەیە کە ژمارەیەکی زۆرتری بێکار بە شوێن کاردا بگەڕێن، تا بتوانن ئاستی کرێ و حەقدەستەکان لەخوارەوە ڕابگرن. لە ڕێگای کارکردی بازارە جۆربەجۆرەکان و سیاسەتێکی بەدانستە دەکرێ ئەرتەشی داندراوی کاری هەمیشەیی بخولقێندرێ. کرێی کرێکاران و هەلومەرجی کار ئەنجام و بەروبوی خەباتی چینایەتییە.

٣. بازاری کەلوپەلی سەرمایەیەک، کە ئاستی بەرینایی و ڕێچکەی کارکردنەکەی بەسراوەتەوە بە قەبارەی سەرمایەگوزاری و هەوڵدان بۆ بردنەسەرەوەی قازانج بەخشی کار و سەرمایە. (جا چ سەرمایەگوزاری ناوخۆیی بێ یان لقەکانی دەرەوە)

٤. بازاری پوڵ یان ماڵیی دام و دەزگا و ناوەندەکانی جیهانیی سەرمایەداری. بەشێک لەم پووڵە بۆ چالاکیی بواری بەرهەمهێنان تەرخان دەکرێ، مەبەست ئەو قەرز(وام) و سەرمایەنەیە کە لە بواری پەرەپێدانی کسپوکار هەڵدەسوڕێن، بەشی زۆرترینیشی ئەو پوڵانەیە کە بۆخۆیان پوڵ هێنەرن. مارکس خولی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەم فۆرموڵە (M-C-M) نیشان دەدات. M ئەو پوڵەیە کە بۆ کڕینی هێزی کار، کەرەسەی خاو و ئامراز و مەکینەی پێویست دائەندرێ تا کالایەک واتە C بەرهەم بێت. لە فرۆشتنی کەلوپەل و کالاکان هەم پارەی سەرەتایی و داندراوی یەکەم و هەم زێدەباییشMی دووهەم دێتە دەست. جگە لەمەش و هەر لە پێوەندی لەگەڵ فۆرمولی یەکەم فۆرمولی(M– M )یش هەیە، واتە ئەو پوڵانەی کە پوڵ دروست دەکەن. مەبەست ئەو پوڵانەیە کە لە ڕێگای بۆرس و بەرگەی شەریکە بەشی، بڵاوکردنەوەی ئەوراقی قەرزەی دەوڵەتی و شەریکەکان و هەروەها کێوێکی نەخدینە کە لە عەمباری بانکەکان، شیرکەتەکانی بیمە و پوڵ و پارەی داندراوی مۆڵ و لە ڕێگای سوو و سەلەم و سفتەبازی دەکەونە گەڕ و پوڵی دیکە کێشەوە دەکەن. واتە لە پوڵ، پوڵ دەردێنن. ڕێگایەکیتری پوڵ کێشانەوە ئەوەیە کە قەرز و قۆڵەی بانکیی وەک کارتی ئیعتوباریی ( Cridit Cards)، قەرز بۆ خانو و سەیارە و.... دەدەن بەخەڵک. بەمجۆرە بە دەستێک

پوڵێک دەدەن و بەدەستێکی دیکە بە زیاتر لێیان دەسێننەوە. قازانج کردن ئامانجی سەرەکی هەموو ئەم فێڵوفەرەجانەیە، جا چلەڕێگای سەرمایەدانانەوە بێ یان دەستاودەست کردنی قەرز و قوڵەی بانکی. زێدەبایی کاکڵ و تەوەرەی فۆرمولیM-Mە کە لە ڕێگای هێزی کاری ناوخو و دەرەوەی وڵات دەخولقێ. سەرمایەی ماڵی یان پوڵی لەبەر ئەو قازانجەی کە لێی وەدەست دەکەوێ بۆتە ئامرازی چەورکردنی پێچ و مۆرەکانی چەرخی سەرمایەداری و هاندەرە بۆ گەڕانی تێکڕای ڕەوتی ژیان و سیستمی وڵاتانی سەرمایەداری. هەڵبەت هاوکات لەگەڵ ئەمەش قەیرانی بەردەوامیش دەخولقێنێ، چونکا سفتەبازی بۆخۆی لانکی قەیرانە و ئەمەش لە سرشت و هەناوی ڕایەڵوپۆی ساتوسەودای پوڵیی(M – M) دایە. سەرمایەداری بە بێ بازاری ماڵی نایکرێ و هەردێت و نەخش و کاریگەری ئەم بەشەش دەچێتە سەر[١] و بۆ پاراستنی ڕەورەوەی چەرخی نیزامی سەرمایەداری بارستایی ئەم بەشە بەتایبەت لە ٣٠ساڵی ڕابردودا هەر لە بەرزبوونەوەدا بووە. ئەمەش بەرئەنجامی هەڵسورانی گەرمی ساتوسەودای پوڵییە(واتەM –M). ئێستا لە ئەمریکا تێکڕای قەرزاکانی خەڵک، دەوڵەت و هەروەها قەرزە ماڵی و غەیرە ماڵییەکانی ئینحسارەکان سەر لە ١ تریلیۆن دۆلار دەدات، کە ٣٠٠ جار لە بەرهەمی پوختەنەکراوی ناوخۆیی ئەم وڵاتە زیاترە.

ئەو چوار بازارەی کە پێشتر باسمان کردن و بە گشتی هەموو ئەو ئابوورییانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی بازاردان دوو ئامانجی سەرەکییان هەیە.

١. بەرهەم هێنانەوەی ئەو قەوارە چینایەتییەی کە هەیە.

٢. بەدییهێنانی ویست و پێداویستی خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، دامودەزگای دەوڵەتی و خاوەن دەسەڵاتەکانیتری ناو کۆمەڵگا.

[١]. هەر لە هەمان قۆناغە سەرەتاییەکانی سوسیالیزمی بازار لە چین، دەسبەجێ بازاری بۆرس و بنکە و دامەزراوە بانکییەکان کرانەوە. ئەمەش جارێکیتر پێویستی ئەو سیستمانە بە بازاری ماڵی دەر دەخات.



لەو مۆدێلانەی کە وەک سوسیالیزمی بازاریش ناوی دەبەن بە گشتی ڕایەڵەی نێوان سیستمی کۆمەڵایەتی و بازارێک کە لە خزمەتیدایە لە بەرچاوناگرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئاماژە بە نمونەیەک دەکەین کە پێمان وایە کاکڵی ئەم بابەتەمان پێ نیشان دەدات و پێویست بەوە ناکات یەکیەکی ئەو مۆدیلانە لێک بدرێنەوە. بەڵام هێنانەوەی نمونەیەک دەتوانێ ڕۆشنایی بخاتەسەر ئەو بابەتە. یەکێک لەو مۆدیلانە پێیوایە; لە هەمانکاتدا کە هەموو سەروەت و سامانی وڵات هی هەموو کۆمەڵانی خەڵکە و هەموو یەکەیەکی ئابوریش (کارخانە و هیتر) لە لایەن کرێکارانەوە کۆنترۆڵ و بەرێوە دەچێ، بەڵام بەروبوومە بەرهەم هاتووەکان لە بازاردا دەفرۆشرێن و هەر لەم ڕێگایەشەوە زانیاری پێویست سەبارەت بە مەیلی بازار دەگاتە بەرێوەبەریی کارخانە و دامەزراوەکان. هەروەها ئەو ماڵیاتەش کە دەبێ دامەزراوەکان بیدەن دەچێتە ناو سندوقێکی گشتی و نەتەوەیی و دواتریش بە پێی نفوس و ژمارەی خەڵک بەسەر ناوچە جۆربەجۆرەکاندا دابەش دەکرێتەوە. بەرواڵەت وادێتە بەرچاو کە ئەمە دموکراسییەکی تۆخ و تەواوە. بەڵام داخوا لەڕاستیدا ئەمە وایە؟ دەبێ ئەوە بزانین کە ناهاوسەنگی لەنێوان ئاستی بەرەو پێشچوویی ژیانی ناوچە جۆربەجۆرەکان، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتەکانی سەرمایەداریش وجودی هەیە و بە تایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاڵمان، بریتانیا، فەرانسە و ئیتالیا بە ئاشکرا دەبیندرێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم وەزعە دابەشکردنی داهاتەکان و زیادەی بەرهەم هاتووە بەپێی نفوس (سەرانە) و بە شێوەی یەکسان لەنێوان ناوچە جۆربەجۆرەکان لەوانەیە ئەو جیاوازیانەی نێوان ناوچە جۆربەجۆرەکان قوڵتر بکاتەوە. چونکا ناوچە پێگەیشتەو دەستڕۆیشتووەکان پێشتر بۆخۆیان لە ڕێگای چەوساندنەوەی ناوچە دواخراوەکان بوونەتە خاوەنی ژێرخانێکی بەهێزی ئابوری و ئامرازێکی زۆروزەبەندی بەرهەمهێنانیان لەبەردەستدایە و بەمجۆرە ڕێگایەکی خۆشتر و لەبارتریان بۆ گەشەساندن و پێشکەوتن لەبەرە و ئێستاش پوڵێکی زیاتریان بەردەرکرێت و زیاتر و زۆرتر بەرەو پێش دەچن. لەحاڵێکدا ناوچە هەژار و دواخراوەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوییەکانیان و بۆ ئەوەی بتوانن ببنە خاوەنی

ژێرخانێکی پتەوی ئابوری، پێویستییان بە پێراگەیشتنی زیاتر و زۆرتر لە بوارەی ئامرازەکانی پیشەسازی، خانوبەرەوە، نەخۆشخانە و هۆکانی راگویزانی باشتر و ... هەیە. کەوابو ئەگەر بەراستی ریگایەکی سوسیالیستی و عادلانە لە ناوچە جۆربەجۆرەکان بۆ زالبوون بەسەر جیاوازییەکان مەبەست بێ و بخوازرێ بەری چەوساندنەوەی ناوچە هەژار و دواخراوەکان بە دەستی مەلبەندە پێگەیشتووەکان بگیردرێ، دەبێ بەشێکی زیاتر و زۆرتر لە داهاتی سەرانسەریی بۆ ناوچە بێ بەشکراوەکان تەرخان بکرێت. بێشک لەم رەوتەدا مل بە ملە وکێشە لە نێوان ناوچە جۆربەجۆرەکان لەسەر ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەست دان و بەرتەسکن سەرهەڵدەدات و شتێکی چاوەروانکراوە، بەڵام دەبێ بۆ بەرگرتن لە ئاڵۆزی و بەفیرۆدانی سەرچاوەکان ریگاچارەی هاوئاهەنگی بدۆزرێتەوە. ئەمەش پێویستی بە بەرنامەریژی سەرانسەریی و ناوچەیی هەیە. ئەگەر ناهاوسەنگی لە ئاستی جیهانیشدا بخەینە بەرچاو دەبینین کە ئەمجۆرە مۆدێلانەی سوسیالیزمی بازار تەنیا دەتوانێ ئەو نایەکسانییانە بەرهەم بێنێتەوە کە هەن.

بەرنامەریژی و کۆنترۆلکردنەکەی پێویستییەکی بنەرەتییە بۆ لەنێوبردنی چینەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و پاراستنی ژینگە. ئەمە بەو مانایە نیە کە کەموکوڕییەکانی ئابوری بەرنامەڕێژیکراو نەخەینە بەرچاو کە لەوانەیە سەرهەڵبدەن.

- خۆسەپاندن و زۆرەملیەتی،
- رێنوێنی هەڵە لە لایەن میرمەزنانی خاوەن مشە و دەسەڵات بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانیان،
- وشکارۆیی و قیربوون لەسەر هەڵەکان،
- نەبوونی دیموکراسی لەشوێنی کار و... لەو کەم وکوڕییانەن کە دەتوانێ سەرهەڵبدەن و ڕەوتی گەشەی ئابوری بەرەو داوەشان و ناپێشکەوتویی هەڵدێرێ.

بەڵام بەرنامەرێژی ژیرانە و خاوەنئامانجی سوسیالیستی، وشکارۆیی هەڵناگرێ و پێویستی بێ ئەملاولای بە راوتەگبیر هەیە، لێدوان و قسەلێکردنی



دەوێ، بەشداری چالاکانەی کرێکاران لە بریاردان دەخوازێ، بەتایبەت لەو رێگایانەی کە هێشتا بەتاقی نەبونەتەوە و ئەزمون کەمە دەبێ زیاتر لە هەمیشە پشت بە راوتەگبیر ببەسترێ و بەستێنێکی باش بۆ هەڵسەنگاندنی تاقیکاری و هەڵەکان بخولقێندرێ. پشت هەڵکردن و گوێ نەدان بە بەرنامەرێژی و هاوئاهەنگ کردنی چالاکییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێ زۆر بەزەرەر بگەرێتەوە. لەهەمان حاڵیشدا نابێ کلیلی بریاردان لە ئاستی سەرمایەگوزاری و دابەشکردن بخرێتە دەست بازار، چونکا رێگای لادان لە سوسیالیزمی پێوەیە. ئەم مەسەلەیە تا رادەیەکی زۆر گرێ دراوەتەوە بەوەی کە ئێمە چ جۆرە گەشەیەکی ئابوریمان بۆ چ کەسانێک دەوێ، داخوا مەبەست تەنیا بەرهەمهێنان لەپێناو بەرهەمهێنانە و بەس؟ داخوا دەبێ هەر کەلوپەلەکان ببیندرێ و خەڵکیش پشتگوێ بخرێ؟ ئەی سەرچاوەکان و کۆمەڵانی خەڵک چ جێگا و شوێنێکیان لە رەوتی بەرهەمهێناندا هەیە؟ لەهەرحاڵدا دەبێ بەرنامەرێژی گشتی ناوخۆیی، ناوچەیی و سەرانسەری لە بەرەوپێشبردنی گەشەی بەردەوامی ئابوری بخرێتە بەرچاو، دەنا بەستنەوەی سەرچاوەکان بە هەلومەرجێک کە بازار دیاری دەکات بۆخۆی چاکترین ئامرازە بۆ خولقاندن و بەرهەمهێنانەوە و هێشتنەوەی جیاوازی دەسەڵات. لە هەلومەرجی ئەوتۆدا هەموو ئەوانەی کە دەسەڵات و سەروەتێکی زیاتریان هەیە کاریگەری و شوێنەوارێکی زۆرتریش لەسەر هەموو ئەو بریار و پێشهاتانە دادەنێن کە دەقەومێ و بەرێوە دەچن. تەنانەت ئەگەر کارخانەیەک بە شێوەی هەرەوەزیش بەرێوە بچێ، بەڵام لە کۆنترۆڵ و بازنەی بازاردا بێت، هیچی پێ ناکرێ و بەرێوەبەرەکانی بە ناچار دەکەونە ژێر شوێنەواری ئەو هێزانەی کە لە دامەزراوە سەرمایەدارییەکاندا دەیانبینین. ئێستاش لە نیزامی سەرمایەداریدا جاروبارە و

بە دەگمەن بەعزە شیرکەتێک دەبیندرێ کە کرێکاران بۆخۆیان بەرێوەی دەبەن، بەڵام نەیانتوانیوە و ناتوانن لەو بازنە داخراوەدا شەقاوێک واوەتر باوێژن. کرێکاران لە باروذۆخی وادا ناچارن مل بۆ مەنتقی بازار راکێشن.

هەرچەند هەندێک کەسان پێیان وایە کە بەرنامەڕێژی شتێکی نەگونجاوە و نابێ، بەڵام دابەشکردنی عادڵانەی سەرچاوە بەرتەسکەکان بە بێ بەرنامەڕێژی ناکرێ و ناچێتە پێش. تەنانەت لە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداریشدا تا ڕادەیەک و لە ئاستی جۆربەجۆردا بەرنامەڕێژی سەرانسەی بەڕێوە دەچێ و زۆرجار ناچارن لە ئاستێکی بەرینیشدا دەست بدەنە بەرنامەڕێژی گشتی تا بتوانن بەسەر تەنگوچەڵەمە زۆر و ئەستەمەکاندا زاڵ بین. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شەری دوهەمی جیهانیدا ئەگەر پەنای بۆ بەرنامەڕێژی ناوەندی نەبردبا نەیدەتوانی لە ماوەیەکی کەمدا ڕەوتی ئابورییەکەی خۆی بگۆڕێ و بتوانی چەک و تەقەمەنی، تەیارە، پاپۆڕی شەڕ و کەشتیی بازرگانی، نەک هەر بۆخۆی، بۆ بریتانیا و سۆڤیەتیش دابین بکات. ئەمریکا لە ڕەوتی گواستنەوەی هێڵی ڕەنیوهێنانی ئاسایی بۆ بەرهەم هێنانی چەکوتەقەمەنی و ئامرازەکانی شەڕ و دابینکردنی کەرەسەی خاو بۆ ئەم بەشە، دەستی پیشە سازییەکانی ماشین و خانوبەرەی ئاوەڵە نەکرد تا بە کەیفی خۆیان چالاک بن، چونکا کەرەسە خاوەکان هێندە نەبون کە بتوانن هەموو کەلێنەکان پڕ بکەنەوە. نەک هەر ئەمە تەنانەت ناچار بوون بە پێی ڕێوشوێنی بەدانستە خێرایی لە بەرهەم هێنانی هەندێک کەلوپەلی نیزامی بە قازانجی دابینکردنی پێداویستە گرینگترەکانی ئەم بەشە هێواشتر کەنەوە.

دیارە ئەم بەرنامەڕێژییەش هەڵەوپەڵەی زۆری تێدابوو، نەیدەتوانی وڵامی بەرهەمهێنانی هەموو پێداویستییە ناکۆک و جۆربەجۆرەکان بداتەوە، تەنانەت هەندێک دامەزراوە تەگەرە و چەڵتوکیشیان تێدەخست. بەڵام ئەم بەرنامەڕێژییە نیوە و نیوەچڵانەش سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانی دەسکەوتی زۆر گەورەی باوەڕ پێنەکراوی هەبوو. هۆکارێکی گرینگ لە سەرکەوتنەکەی ئەوە بوو کە کۆنسێرن و ئینحسارە هەرەگەورەکانیش بۆ بەرەو پێشبردنی کسب و کارەکانیان بۆخۆیان خاوەنی ئەزمون و ئامرازی تایبەتی بۆ بەرنامەڕێژی بوون. ڕەگ و ڕیشەی دامەزراندنی پیشەسازییەکی بەرەوپێشچووی بەرچاو لە ئەمریکا و وڵاتانی سەرمایەداری دیکە لە بەرنامەڕێژییەکی ناوەندیدا بووە کە بە ناچار لە یەکەیەکەی شیرکەتەکاندا ڕەچاو کراوە.



« هێزی مێگداف لە ماوەی شەڕی دوهەمی جیهانیدا زۆر بە گەرمی کاری بەرنامەڕێژی بۆ دامەزراوەکانی بەرهەمهێنەری ئامرازی ماشینیی لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکای بەدەستەوە بوو. ڕاپەڕاندنی ئەم کارە، لەبەر خۆویستی و شێوەی بیرکردنەوەی کاسبکارانەی شیرکەت و دامەزراوەکان وەختێکی زۆری دەویست. سەرەتا کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆر لەسەر ڕێگای بەرهەم هێنانی تەیارەدا هەبوو. ڕەوتی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و دابینکردنی کەرەسە پێویستەکانی هێواشتر کردبووە. شیرکەتێکی تەیارەسازی جۆرە کەرەسەیەکی زیاتر لە ڕادەی خۆی هەبوو، کەچی شتی‌تری بە گوێرەی پێویست لەبەردەستا نەبوو، لە جۆرێک زۆری هەبوو، لە جۆرێکیتر هەر هیچیان نەبوو یان کەمیان هەبوو. زۆر دامەزراوەی دیکەش هەر بەو هۆیە لەکار وەستابوون. ئەودەم داوا لە هێزی مێگداف کرا ڕێگا چارەیەک بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە، ئەویش ڕێگا چارەسەرییەکی خستنە بەردەم کە بە سەرکەوتنەوە بەڕێوەچوو. بەرنامەکەی هێزی مێگداف هاوئاهەنگکردنی ڕەوتی دابەشکردنی کەرەسە و ئامرازە پێویستەکان بوو. ئەم بەرنامەیە تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوت، بۆیە سەرکەوتنی بەدەست هێنا چونکا گرینگی بە هۆکاری "ئینسانی" درابوو. ڕێبەرانی ئابوری وا فێرکرابوون کە دەبێ بازار ڕێنمای کار وکردەوەکانیان بێت. حسابدارەکان، کارگێڕە ئیدارییەکانیش هەر بەوجۆرە ڕاهاتبوون. ئێستا دەبوو خێرا بەرنامەکانیان بگۆڕن. ڕاوتەگبیری خاوەن کارەکان لەبەرچاو گیرا و داوا لە کارگێڕەکان کرا بە وردبینییەوە کارەکان بەرەوپێش ببەن، لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ ڕاکێشانی سەرنج و هاوکاری کرێکاران و وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان بەجیا و بەدوور لە چاوی خاوەنکار کۆبوونەوەی زۆر لەگەڵ کرێکاران گیرا و بەرنامەکانیان بۆ شییکرایەوە و باس لەسەر هۆکارەکانی بەڕێوەچوونی ئەوجۆرە کارە کرا، بە گشتی هەموو ئەو ڕاوبۆچون و هافکرییانە شوێنی باشیان لەسەرخستنی بەرنامەکەدا گیڕا.

هەموو ئەو کەسانەی کە بەچاوی گومانەوە سەیری سەرگرتنی بەرنامەڕێژی ناوەندی دەکەن، تەنیا لایەنە خراپەکانی دەخەنە بەرچاو و حاشا لە دەسکەوتەکانی دەکەن. لە بەرنامەڕێژی ناوەندیدا هیچ شتێک وجودی نیە کە

پێویستی بە بەڕێوەبەریی لەسەرەوە هەبێ و هەموو وردەکارییەکانی لە دەستی کاربەدەستە ناوەندییەکانی سەرەوەدا بێت. شتی وا تەنیا لەبەر بوروکراسی و بەرژەوەندی تایبەتی تاقمێک و دەسەڵاتی لەرادەبەدەری دەوڵەت سەر هەڵدەدا. بەرنامەڕێژی ئەگەر بۆخەڵک بێ و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی خەڵکدا بێت، دەبێ هەر ئەم خەڵکە بە گەرمی و بەراستی لە بڕیاردان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکاندا بەشدار بن. بەرنامە ناوچەییەکان، هی شار و شارۆچکەکان پێویستی بێ ئەملاولای بە بەشداری چالاکانەی خەڵکی خۆماڵی ئەو شوێنانە و کارخانە، فرۆشگەکان و لە شۆراکانی کرێکاریی و خەڵکیدا هەیە.

بەرنامەی گشتیی ـ بەتایبەت لە بواری دابەشکردنی ئیمکاناتی ماڵی نێوان کەلوپەلی مەسرەفی و سەرمایەدانان ـ پێویستی بە هاوبەشی خەڵک هەیە. بۆ ئەم کارەش دەبی خەڵک هەموو ڕاستییەکان بزانن، ئەمە شێوەیەکی سادە و ساکارە بۆ ورپاکردنەوەیان و بەشداریکردنیان لە بڕیارە چارەنووسساز و بنەڕەتییەکان.

## ٥ . دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی

"دانییەل سینگێر" دەڵێ: « ئێمە پێویستیمان بە مانیفێستێکی نوێ هەیە، نەک گەلاڵەیەکی گشتی یان بەرنامەیەکی وردی مو بە موو، بەڵکو بە پرۆژەیەک، بە ڕوانگەیەک بۆ کۆمەڵگایەکی جیاواز و سەلماندنی ئەوەی کە مێژوو کۆتایی پێ نەهاتووە و داهاتویەکیتر لەودیوی سەرمایەوە وجودی هەیە.»[٢]

## ١ . ئامانجە بنەڕەتییەکانی سوسیالیزم

ئەوە زۆر سادەیە کە ئینسان بییەوێ زنجیرەیەک ئیدەیال و خەیاڵی نادیاری ڕێدەرنەکەر بۆخۆی سازبکا، دەنا چۆن دەشێ لە ئێستاوە هەموو وردەکارییەکانی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی ڕاستەقینە ـ کۆمەڵگایەکی

[٢] ـ گۆڤاری " Monthly Review " مانگی مای ١٩٩٨.



ئینسانی، هەرەوەزی، بەرابەریخواز، دموکراتیک و خاوەنی ژینگەیەکی خاوێن ـ پێشبینی بکرێ؟ شتی وا نابێ، دەبێ خەیاڵ و ئیدەکان لەگەڵ ئیمکاناتی مادی و سەرچاوەکانی ئینسانی و سروشتی، لەگەڵ فەرهەنگ و ویستەکانی خەڵک پێک ڕابگیردرێ و یەکبێتەوە، ئەمەش لە ڕێگای خەباتێکی سەخت و دور و درێژدا بەدیی دێت. ئەگەر بڕیار وایە کۆمەڵگای نوێ سوسیالیستی بێ، ئەوە لەجۆری نمونە داهێنراوەکانی ڕوناکبیران و حیزبەکان نیە و بەوجۆرە ساز نابێ. سوسیالیزم بە پێی سروشتی خۆی دەبێ لە لایەن خەڵک و هاورێک لەگەڵ ویستەکانیان دروست بێ و وەدیهێنەری ویست و نیازەکانیان بێت. ئەم کۆمەڵگایە دەبێ لە ئەنجامی بڕیارەکانی خەڵک و لە پێکهاتن لەگەڵ ئیمکاناتی مادی و ئینسانی و ئەوەی لەبەر دەستاندایە بخولقێ، دەبێ لەگەڵ نەریت و فەرهەنگی بەرەوپێشچوی خەڵک دا بکاڵێتەوە. لێرەدا دەمانەوێ ڕای خۆمان لە سەر ئەو خاڵە بنەڕەتییانە دەرببڕین کە دەتوانێ لە دروستکردنی دنیایەکی چاکتر یارمەتیدەر بن.

١. لەنێوبردنی باڵادەستی و چەوساندنەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان.
٢. دابینکردنی پێداویستییەکانی هەژارترین، زۆرلێکراوترین و دابڕاوترین کۆمەڵانی خەڵک، وەک ئەرکێکی چارەنووس ساز و بڕیاردەر دیاری بکرێ.
٣. دەبێ ئەم لانی کەمی مافە سەرەتاییانەی خەڵک لەبەرچاو بگیردرێن:
- سێ ژەم خواردنی باشی ڕۆژانە ـ دابینکردنی کار بۆ هەموان ـ سەرپەنای شیاو، پەروەردە و بارهێنانی بەجێ، خزمەتگوزاری پزشکی و چاوەدێری لە پیر و پەککەو و کەمئەندامەکان.
٤. هەنگاو نانی جیدی لەپێناو سڕینەوەی جیاوازی ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئاینی و قەرەبوکردنەوەی ڕاستەقینە و بەبرشتی ئەم جیاوازییانە.
٥. کۆنترۆڵ و چاوێری کرێکاریی بەسەر کارخانەکان، کێڵگە و دامەزراوە هەرەوەزی و هاوبەشەکان.
٦. بەدەورەگەڕان و گۆڕینەوەی کار و پیشەکان لەنێوان بەڕێوەبەران و کرێکاران، لەنێوان کارگەکان و بەشە جۆربەجۆرەکانی هەڵسورانی

کۆمەڵایەتی. هەمیشە وا داندراوە کە دابەشکردنی کارەکان دەبێتە هۆی کارا کردنەوەی زیاتری کۆمەڵگا، کارخانە و ئیدارەکان وهی تر. بەڵام وانیە و بەپێچەوەنە دابەشکردنی کار جیاوازییەکانی نێوان خەڵک بەردەوام دەکاتەوە و یارمەتی بە پلەپلە کردنی کۆمەڵگا دەدات. بۆیە مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە هەوڵ بدرێ هەرچی زیاتر دابەشکردنی کار ـ بە بێ لەبەرچاوگرتنی قورسیی کار لەپشت چەرخی ماشین یان لەبەردەم کامپیوتردا ـ کەم بکرێتەوە. بەڕێوەبەران دەکرێ فێری ئەوە بن و بزانن کە کرێکاریی چ تامێک دەدات و کرێکارانیش دەتوانن فێر بن کە بەڕێوەبەران چ دەکەن و بەمجۆرە مەترسی هەمیشەیی پلەپلە بوونی کۆمەڵگا لەسەرەوە بۆ خوارەوە کەم دەبێتەوە.(چەگوارا کاتێ سەرۆکی بانکی ناوەندی کوبا بوو، مانگی حەفتەیەکیش وەک کرێکارێکی ئاسایی کاری دەکرد)

٧. دەبێ جیاوازی نێوان حەقدەست و مانگانە لەسەرترین تا خوارترین کار و پیشەکان کەم بێت.

٨. دەبێ ڕاپرسی و وەرگرتنەوەی پلەی کاربەدەستی و ڕێبەرایەتی ڕەوتێکی زۆر ساکار و سادەی هەبێ.

٩. دەبێ دەسەڵات و دزەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ناو شوێنەکانی‌تری دنیا هەڵبگیردرێ. دەبێ هەموو پێگە نیزامییەکان لە دەرەوە کۆ بکرێنەوە و دەبێ هەموو سامان و دارایی مۆنۆپۆلە ئەمریکاییەکان لە دەرەوەی وڵات بۆ دەوڵەتەکانیان و ڕاستەوخۆ بۆ کرێکاران بگێڕدرێتەوە. جگە لەوەش دەبێ بانکەکان و شیرکەتەکانی بیمەی ئەمریکا لەو وڵاتانە خڕبکرێنەوە و قەرزەکانی سەر ئەو وڵاتانە هەڵبگیردرێ.

١٠. دەبێ جارێکی دیکە یەکبوونی نێوان مرۆڤ و سروشت دامەزرێتەوە. ئەمەش شێوەیەکی نوێی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەگەڵ سروشتی دەوێ. دەبێ هەموو بنەڕەتەکانی پاراستنی ژینگە لە کارخانەکان لە کێڵگەکان، لە ڕاگوێزان و خانو سازکردندا لەبەرچاو بگیردرێ. دەبێ ئەم هەڵسوکەوتە



لەسەر ئەساسی ژینگەناسییەکی بەهێز و لە ڕێگای گەڵاڵەکردنی چاچێوەیەک بەڕێوەبچێ کە مەترسی مرۆڤ لەسەر ژینگە هەڵگرێ. نەک هەر ئەمە بەڵکو دەبێ چالاکییەکانی مرۆڤ یارمەتیدەری سروشت بن و تەنانەت چۆنایەتی ژینگە ببەنەسەر و باشتری بکەن. ژیان بەسراوەتەوە بە سروشت و تەنیا لە هاوئاهەنگی لەگەڵ سروشتدا درێژەی دەبێ، سروشتێک کە ئەم هەموو خەزێنە دیار و نادیارە بەکەڵک هاتووانەی لەبەردەم ئێمەدا دادەنێ. کۆمەڵگا دەتوانێ و دەبێ هەموو ئەو سیستمە سروشتییانە بپارێزێ و باشتری بکات کە ژیان بە زیندەوەرەکانی سەرزەوی دەبەخشن، وەک سیستمەکانی ئاوی خاوێن (ئاوەکانی ژێر زەوی، ئاوی شیرینی سەر زەوی و ئوقیانوسەکان)، وەک هەوای خاوێن و عەرزی بەپیت و بەرهەمدار. دەکرێ بە هەڵسوکەوتی ئینسانیی لەگەڵ حەیوانەکان، بەجۆرێک خواردن بەرهەم بێت کە ژیانی باشتر بۆ مرۆڤ و دۆخی لەبار بۆ ژینگە بخوڵقێندرێ و بپارێزێ. دەکرێ بەجۆرێک سەرچاوە سروشتییە قەرەبوکراوەکان کۆنترۆڵ بکرێن کە هەم ژینگە و هەم سەرچاوەکان بپارێزرێن. دەکرێ بۆ هەموو ئەو حەیواناتەی کە مەترسی قڕکردنیان لەسەرە شوێنی ژیانی تایبەت سازبکرێ و تۆرەمەیان زیاتر بکرێ.